# بـــالـــۆره

ئارارات ئەحمەد ئەحمەد

٢٠١٨

# بالۆره

**ئارارات ئەحمەد ئەحمەد**

کتێب: باڵۆرە
ئامادەکردن: ئارارات ئەحمەد ئەحمەد
بابەت: لێکۆڵینەوە و تێکستی باڵۆرە
پێداچوونەوەی: بوار نورەدین
دیزاین: جەلیل حسێن
تیراژ: ١٥٠ دانە
چاپخانە: کارۆ- سلێمانی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارە١٨٩٠ی ساڵی ٢٠٠١٨ی پێدراوە.

..........................................................................

لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی
ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی سلێمانی چاپکراوە.

# بالۆرە

بالۆرە، کە لە هەمان وەختدا (باللۆر، باللۆرە، بەللۆر و بەللۆرە)یشی هەر پێدەگوترێت، هەوایەکی کۆن و ڕەسەن و تایبەتی کوردییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە تێکستی شیعری فۆلکلۆری لەگەڵە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی گۆرانی و موزیکەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین ژانرێکی سەربەخۆیە و، "بە لەراندنەوەی قوڕگ و بە فشاری قامك لەسەر قوڕگ، دەگوترێت[١]."

وە هێندێك لە شارەزایانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆریش، پێیان وایە کە "بالۆرە، فۆڕمێکی موتڵەقی ئاوازییە، بەبێ بەشداری یان بوونی هەر جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایی، کە لە ناوچەیەکی کوردستاندا باوە. وەختێکیش دەڵێین فۆڕمێکی موتڵەقی ئاوازی، یانی بەس ئاوازە و سازی دەگەڵ نییە.[٢]"

دیارە هیچ بەڵگە و نوسراوێکی وا لەبەردەستدا نین کە تێیدا ئاماژە بەوە بکا یا بیسەلمێنی کە بالۆرە لەو ڕێکەوتە یان لەو

---

١- دەنگی مێیینە لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا، بوار نورەدین، ئنستستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤

٢- نامەی دەنگی تیلیگرامی سەلاح پایانیانی، نووسەر و فەرهەنگساز و شارەزا لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر. ناوبراو: سەلاح عەلی، لەدایکبووی ١٩٧٨ مەهابادا، دانیشتووی شاری مەهاباد.

ڕۆژگارەوە سەریهەڵداوە، بەڵام نیشانە و ئامارژەی وا هەیە دەریدەخات کە زۆر کۆنە.

"بالۆرە، لەبەرئەوەی سازی دەگەڵ نییە و بە دەست و قوڕگ، ئەو دەنگە دێتە دەرێ و ساز دەبێ، دەکرێ بڵێین پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە. ئەوەیش کە بمانەوێ زەمانەکەی دیاری بکەین و بڵێین مەسەلەن ئی بەر لە زایینە، یان تاریخێکی بۆ دیاری بکەین، شتێکی زانستی نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین دەبێ زۆر زۆر کۆن بێ، چون بە بێ ئامێری دەستی و مۆسیقایە."[١]

هەڵبەتا لە باری ئەدەبییشەوە، ئەوە دیارە کە سەر بە ئەدەبیاتی زارەکییە.

## مەڵبەندەکانی بالۆرە

بالۆرە، لە دوو سنووری گەورە و فراوانی کوردستان بوون و باوی هەبووە و لێدراوە:

**یەک/** سنوورەکانی کرماشان، ئیلام، سنە، ئیسلام ئاباد (شائاباد)، گەیلانی غەرب، ئەیوان، سەرپێڵ، داڵەهۆ و سراوڵە لە خۆرهەڵات و، وە خانەقین لە باشوور[٢] ...تاد[١] کە بە دیالێکتی کرمانجی باشوور – زاری کەڵهووڕی[٢]، دەئاخفن.

---

١- سەلاح پایانیانی، سەرچاوەی پێشوو.

٢- خۆر هەلات و باشوور: مەبەست لە خۆرهەلات و باشووری کوردستانن.

**دوو/ سنوورەکانی موکریان لە خۆرهەڵات، وە پشدەر، هەولێر، گەرمێن و هێندێك سنووری سەر بە سلێمانی لە باشوور، کە بە دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاست (سۆرانی)، دەدوێن.**

---

١- تەواوی زانیاری و تێکستە کەڵهووڕییەکانی تایبەت بە (بالۆرە- بنملی لە کرماشان و کەڵهووڕنشینەکان)ی نێو ئەم بابەتەم، لە بەرگی دووەمی کتێبی (هەرمانێك لە بێدەنگی)ی نووسەر و لێکۆڵەر، دۆستی خۆشەویستم کاك سەجاد جیهانفەرد (ژیار) وەرگرتووە. ناوی تەواوی ناوبراو: سەجاد جهانفەرد (ژیار) لە ساڵی ١٩٨٥ لە (گەیلانی غەرب) سەر بە پارێزگای کرماشان، لە دایك بووە، دانیشتووی شاری کرماشانە...

تێبینی: هەرمانێك لە بێدەنگی، کتێبێکی چوار بەرگییە، تایبەتە بە ئەدەبیاتی زارەکیی ژنان بە دیالێکتی کەڵهووڕی، بەرگی یەکەم لە (ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد - ٢٠١٧) چاپکراوە و سێ بەرگەکەی دیکەیش، لە کرماشان و هەمان ساڵ.

٢- خۆی، زمانی کوردی دابەش دەبێتە سەر چوار دیالێکتی سەرەکی و هەر دیالێکتەیش چەن زارێکی لێ دەبێتەوە ١- کورمانجی باکوور: بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمزینی، بادینی، خۆراوا (کوردانی سوریا) ٢- کورمانجی نێوەڕاست: موکری، پشدەری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی ٣- گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامی، باجەڵانی، زازا، شەبەك ٤- کورمانجی باشوور: لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامسانی، کۆهکلۆیی، لەکی، کەڵهووڕی. بڕوانە: زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، فوئاد حەمەخورشید، حەمەکەریم هەورامی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی، چاپخانەی الافاق العربیە، چاپی یەکەم، ١٩٨٥ بەغدا.

شایانی باسە کە بالۆرە، لە هەر یەك لەو دوو مەڵبەندانە، شێوازی هەڵدان و دەربڕینیان، یەك ڕیتم و شێوازە، بەڵام ئامانجەکانیان زۆر لێك جیان: واتا، بالۆرەهەڵدان لە سنووری یەکەم، بۆ مەبەستێکە و، لە سنووری دووەم، بۆ مەبەستێکی دیکەیە، بۆیە لە هەر یەکێکیان بە سەربەخۆ لێیان دەدوێین:

بالۆرە لە سنووری یەکەم، بە کورت و پوخت ئەمەی خوارەوەیە:

* زیاتر (بنملی، ئەلیە وەیلانە) و لەپاڵ ئەوەدا (بالۆرە)یشی هەر پێدەڵێن.

* نێوەرۆکی بەیتەکان، بە گشتی سێ بابەتە:

**یەك/** وەك لاوك، مێژوو و شەڕی کوردان و هێرش بۆ سەر کوردانی کەڵهوڕ و تا ڕادەیەکیش شەڕی نێوخۆ دەگێڕێتەوە و جۆرێکە لە لاواندنەوە و پێداهەڵگوتن. ئەو شەڕانە هی ڕۆژگاری زوو بوونە. وەکو شیعری "خانزایە خانم، شەڕ لە شیانکەر..." کە باس لە شێرەژنێك دەکات.

**دوو/** ئەویندارانە.

**سێ/** سروشتی...

* درێژی کۆپلە شیعرەکان، هەر لە دوو هەتا هەشت خشتییان هەیە.

* کێش (وەزن)ەکانیان، زیاتر دە بڕگەیین.

* تەنیا ژنان دەیڵێن و شێوەی گوتنەکەیشی بەم جۆرەیە: بە ژنێك بە تەنیا دەگوترێ. هەروەها دوو ژن پێکەوە دەیچڕن. بەڵام ئەگەر لە دوو ژن زیاتر بوون، بە دوو شێوە ئیجرا دەکرێ، جۆرێکی وەهایە کە ژنێك، بەیتێك یا کۆپلەیەك دەڵێ و ئەوانی دیکە بە دوایدا دووبارەی دەکەنەوە. جۆرەکەی دووەمی کە زۆرتر باوە، وەهایە کە هەموویان پێکەوە هەرچی شیعرە، دەیخوێنن.

هەڵبەتە لە کاتی خوێندنی (بنملی)یەکەدا، هیچ جۆرە ئامێرێکی مۆسیقا هاوکارییان ناکا، جا بۆ ئەوەی کە دەنگیان دڵنشین بێ، لە ئەنگوستەکانی دەستیان، بۆ دەربڕینی باشتری بالۆرەکە، کەڵك وەردەگرن و هەر لە یەکەم بەیتەوە تا کۆتایی، لە بنی مل (قوڕگ)یان دەدەن. تەکانی ئەنگوستەکانیان لە کاتی خوێندنی بنملییەکەدا، کاریگەرییەکی زۆری هەیە و دەنگیان دەهەژێتەوە.

* شوێنی گوتن یا خوێندنی بنملی، لە ئاوەدانیان و نێو ماڵاندایە، نەك دەر و دەشت.

* موڵکی تەواوی خەڵکە بە شارنشین و گوندنشینەوە.

# چەند نموونەیەك لە بنملی، بە زاری کەڵهوڕ

***ڕوونکردنەوەیەك:***

**خوێندنەوەی نووسین و ڕێنووسی کوردی کەڵهووڕی، بەو جۆرەی کە پێویستە و هەیە، بۆ خوێنەری سۆرانی، تا ڕادەیەك سەختە، چونکە ئەوان پیت و ڕەمزیان بۆ هێندێك لەو دەنگانە هەیە کە لە کاتی ئاخاوتندا دەردەبڕدرێن و، لە ڕێنووسی سۆرانیدا ئەو ڕەمزانە نین. بەڵام هەمان ئەو دەنگانە، لە پیت و ڕێنووسی کوردی بە لاتینیدا هەن و، زۆربەی زۆری خوێنەری سۆرانیش شارەزاییان لە ڕێنووسی لاتینی هەیە و بە ئاسانی بۆیان دەخوێندرێتەوە. لەم بەشەشدا، هێنانەوەی دەقە کەڵهووڕییەکان بە شێوەی لاتینی، لەبەر ئەو هۆیەیە و ئاسانکارییەکە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لێیان.**

(١)

ئەلیەوەیلانە[١] پڕ مل زەنگیانە

پاتوورەو پەری[٢] خانم زمهەری[١]

---

١- elye weylane: (ئەلیە وەیلانە) ناوی کەسایەتییەك بووە.

٢- patûr û perî: ناوی دوو کەسایەتی و دڵدار لە چیرۆکگەلی فۆلکلۆری کوردی.

Elye weylane

Pirr mil zengyane

Patûre w perî

Xanim zimherî

(٢)

ئەولایماڵمان کیەنی[٢] بەڕەزا[٣]

ئیلای ماڵمان کیەنی شاڕەزا[٤]

دەمگەنامەتێ[٥]، دگانم رزیا

سەرمهەڵگرتم، گەل گەل ئاموزا

ئاموزای گەورا چەرخەنشینە[٦]

---

١-Zimherî: لە بنەڕەتدا واتا (سەرمای بێ حەد) بەڵام لێرە ناوی ئافرەتە و لەنێو ئەم شیعرەدا لەبەر سەروابوون وا هاتووە.

٢- Kyenî: کانی

٣- بەڕەزا: بارێزە، گیایەکی کوێستانییە، لە کوردستان شین دەبێت.

٤- کیەنی شاڕەزا: کانیی شاڕەزا، کانییەکە لە کرماشان و هەروەها (شاڕەزا) بۆ خۆی ناوی پیاویشە.

٥- دەمگە نامەتێ: زارم تێ نا، دەمم تێخست

٦- çerxenişîn: بە کەسێك دەگوترێ کە باوکی یان دایکی بمرێت و بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە ماڵ بمێنێتەوە و نەیەتە دەر.

پەڕ شاڵەگەی هەوریشمینە

هەوریشم بڕیا، قەتار داخشیا

هەی وەمزگانی مرایخان[1] کوشیا[2]

خوەیشکەی مرایخان دەس وەئاردەوە

پـۆشی شل و مل، خاڵان شاردەوە

خاڵان شماردم، دانە وە دانە

چـۆ ئەڵقە گوچان سای لـۆتەوانە[3]

ئەسپەیل مرایخان شەو وە زینەوە

یاڵ و دۆ بڕیای پا وە خۆنەوە

Ewlay malliman kyenî berreza

Î lay malliman kyenî şarreza

Demge name tê diganim rizya

Serge hellgirtim, gel gel amûza

Amûzay gewra çerxenişîne

Perri şallegey hewrîşimîne

Hewrîşim birrya, qetar daxişya

---

١- مرایخان: مرادخان، ناوی پیاوێکی کەسایەتیی نێو داستانەکانە

٢- ئەم دوو بەیتە، لە نێوچەکانی دیکەی کرماشان وەها دەگوترێ:

(ئامووزای کەهلێن سەرپەڕنشینە سەر شاڵەگەی هەوریشمینە)

٣-Lütewane: خەزەم، خەزێم ئەو تەلە یا نقرەیە کە ئافرەتان لە لووتیانی دەکەن.

Hey we mizganî dezüran kuşya
Xweyşy mirayxan des we ardewe
Püşî şil û mil xallan şardewe
Xallan şimardim, dane we dane
Çü ellqey guçan say lütewane
Espeyli mirayxan Şew we zînewe
Yall dü birryay pa we xünewe

(٣)
ئیلایماڵمان کیەنی دارەگە
ئەولای ماڵمان کیەنی دارەگە
یا خودا باد ئەوخوار کەوسوارەگە[١]
کەوسووار مەچوو خوەم گوڵخەنانم
بەگزادەی کوردم، شەکەر زوانم
کەوسوارەگەم لە یاڵ بۆ ئاوا
خەوەر هاوردن کەوسوار کوشیا
کەوسووار کییە؟ مرایخان بۆوە
خوەیشکەیل مرایخان دەس وە ئاردەوە
پۆشی شل و مل خاڵان شاردەوە

---

١- کەوسوارەگە: سوارچاك

خاڵان شماردم دانه وه دانه
چۆ ئەڵقەی گوچان سەر لۆتەوانە

Ewlay malliman kyenî darege
Ya xuda bad ew xwar kew siwarege
Kew siwar meçû xwem gullxenanim
Begzadey kurdim, şeker ziwanim
Kewiswaregem le yall büawa
Xewer hawirdin kewiswar kuşya
Kewsiwar kîye? Mirayxan büwe
Xweyişkeyl mirayxan des we ardewe
Püşî şil û mil xallan şardewe
Xallan şimardim dane we dane
Çü ellqey guçan ser lütewane

(٤)
ئیلای ماڵمان تەختە و تەختوەنی[١]
ئەولای ماڵمان تەختە و تەختوەنی
کاکە بفەرما شاڵت گوڵوەنی

---

١- تەختوەنی: تەختەلانی، تەختایی، دەشتایی، هاماری

شاڵەگەی پشتت چل گەز کەتانە
بەی[1] تا هەڵخەمەی لەو وەرئەیوانە

Î lay malliman textew textwenî
Ew lay malliman textew textwenî
Kake biferma şallit gullwenî
Şallegey piştit çil gez ketane
Bey ta hellxemey lew wereywane

(٥)
ئیلای ماڵمان چەپێگێ پۆنگە
ئەولای ماڵمان چەپگێ پۆنگە
ئەسپەگەی کاکەم تازە نووزینە[2]
کاکە هاتەوە باڵای رەنگینە
سەیمەرە و سیروان[3] مڵک کاکەمە
ئەو باڵابەرزە ژن براکەمە

---

١- بەی: بێنە، وێمدە، بمدەیە
٢- تازە نووزینە: (تازە نەوزین)ە، تازە زین کراوە، یەکەمجاریەتی زین بکرێ
٣- سەیمەرە و سیروان: دوو چۆمی هەرە گەورەن لە سنووری کرماشان

Î lay malliman çepêgê pünge
Ew lay malliman çepgê pünge
Espegey kakem taze nûzîne
Kake hatewe ballay rengîne
Seymere w sîrwan millki kakeme
Ew ballaberze jin brakeme

(٦)

ناز خس[١] ئەو سەروەن
کەو لەکوو شاقان[٢]، واشە لەدەروەن
کەڵەیل[٣] رەم کردن[٤] لەخشەی سەروەن[٥]
خش خس ئەو سەروەن، ناز خس ئەو بینی
خوەی کرد وەئەکس قەی قاوەسینی
زرەی زلفێ تێ چۆ زرەی زەنجیر
کردێیەلەوەر شەۆ کەتانهەریر

١- ناز خس ئەو سەروەن: ناز و عیشوەی دا بە سەر وێنەکەی
٢- Şaqe: قاسپەی کەو
٣- کەڵەیل: کەڵەکان، نێچیرەکان
٤- ڕەم کردن: هەڵاتن، ڕەمیان کرد
٥- لە خشەی سەروەن: لە دەنگی خشەی دراوی سەر بەرۆکی (لە کۆندا دراوی سکە، وەك خشڵ ساز دەکرا و ژنان بە سینگ و بەرۆکی خۆیاندا دەکرد)

ژێرشەوێ[1] مەخمەڵ، شەوێ لەهەریر
زڕەی زڵفێ تێ چۆ زڕەی زەنجیر
فدای دەمد بام چۆ لووکە[2]نەرمە
ساتێگ بازاڕد لەیەکێ گەرمە

Naz xis ew serwen
Kew le kû şaqan, waşe le derwen
Kelleyl rem kirdin le xişey serwen
Xiş xis ew serwen, naz xis ew bînî
Xwey kird we eski qey qawesînî
Zirrey zillfê tê çü zirrey zencîr
Kirdêye le wer şeü ketan herîr
Jêrşeüê mexmell, şeüê le herîr
Zirrey zillfê tê çü zirrey zencîr
Fiday demid bam çü lûke nerme
Satêg bazarrid le yekê germe

---

١- jêrşeü: ژێرشەو، ژێرکراس
٢- Lûke: پەمێ، پەمبوو، پەمۆ

(٧)

خانزایه خانم جەنگ لە شیانکەر
تووپەی گوڵنگ سیم[١]، باوان خراوکەر
باواند بڕمێ خوەد وە خوەد کردی
کەلەی سەرەگەد وە ئامین بردی[٢]
ئامین تڵەوچی[٣] پای دیوانم روو
یەکە سوارەگەی رەشی خانم روو
رەشی نیەزانێ باوەی کووشیایە
لە دەیشت هەرسین خۆنێ رشیایە
ئێڵەیل داڕشیا، رەشییش کوشیا
لە خڕەی قەتار سوار داڕشیا
سوار ئەوەڵین خەسۆرانم بۆ
سوار دێیمی دەزۆرانم بۆ
سوار ئاخرییش خوو باوانم بۆ[٤]

---

١- Gullingsîm: گوڵینگە و جوانکاریی زینی ئەسپ

٢- وە ئامین بردی: لە دەستت دا (کەلەی سەرەگەد وە ئامین بردی: سەرت لە دەست دا)

٣- تڵەوچی: هاناکەر، فریادڕەس

٤- خۆ باوانم بوو: خۆ باوانم بوو (واتە: سواری دوایی، باوان و کەس و کارم بوو)

Xanzaye xanim ceng le şiyan ker
Tûpey gulling sîm, bawan xiraw ker
Bawanid birrmê xwed we xwed kirdî
Keley sereged we amîn birdî
Amîn tillewçî pay dîwanim rû
Yeke siwaregey reşî xanim rû
Reşî nyezanê bawey kwişyaye
Le deyşti hersîn xünê rişyaye
êlleyl darriyşa, reşî xan kwişya
Le xirrey qetar siwar darrişya
Siwar ewellîn xesüranim bü
Siwar dêyimî dezüranim bü
siwar axirîyş xû bawanim bü

(8)

دۆەتە بۆچكڵەی وەو دەس ئاوەو[١]
هەرچەن چڕیمەی[٢] جواو نەیاوەو
بۆ وەبڵبڵێ نیشت وەقڵاوەو[٣]

---

١- دووەتەبوچكڵەی وەو دەس ئاوەو: كچە بچكۆلەی لەو بەری ئاوەوە
٢- هەرچەن چڕیمەی: هەرچەند بانگیم كرد
٣- ئەم سێ خشت (بەیت)ەی كە لە سەرەتادا هاتووە، دەگەڵ لایەلایەشدا هاوبەشە.

خوەزێیەو نەمردای[١]، بڵبڵ بکوژیای
لەخۆن بڵبڵ پەنجەبڕەژیای
پەنجەی نیمەڕەژ[٢] دا وەجەفتەوە[٣]
لە دۆ دڵەگەی ئاگر کەفتەوە
ئاگر چێ لەماڵ خەسۆرانەگەی
یەکێ لێ دەرچێ دەزۆرانەگەی
دەزۆران خاس دو زەری باڵا
هڕ کرد[٤] ئەو نووای خان دێواڵا[٥]
خان دێواڵا قرمزی پووشە
ترازۆ وە دەس گەوهەر فرووشە
گەوهەر نیەیلێدەم[٦] بچم وەدزی
بارم شاپەروەر گوونا قرمزی
هەیفەشاپەروەر، چەوەیلێ کاڵە
هەر گووشەی چەوێ خۆنی یەی ماڵە![١]

---

١- خوەزێیە و نەمردای: خۆزگە - بریا نەمردبای، هەر زیندوو بای
٢- نیمەڕەژ: نیوە ڕازاوە
٣- Ceft: جەوت، کوتراوە و هاڕڕاوەی کلاوی بەڕوو و مازوو و گڵوان.
٤- hirrkird: بانگی کرد، لە (هەرە)ی کرمانجییەوە هاتووە: "هڕ کرد ئەو نووای خان دێواڵا: بانگی لە خانی دێواڵا کرد"
٥- dêwalla: ناوی کۆنی (ئیلام)ە
٦- گەوهەر نیەیلێدەم: گەوهەرخاتوون نامهێڵێ

Düete büçkilley wew desi awew
Herçen çirrîmey ciwaw neyawew
Bü we billbillê nîşt we qillawew
Xwezêyew nemirday, billbill bikuştay
Le xüni billbill pence birrejyay
Pencey nîmerrej da we neftewe
Le dü dillegey agir keftewe
Agir çê le malli xesüranegy
Yekê lê derçê dezüranegey
Dezürani xasi du zerî balla
Hirr kir ew nuway xani dêwalla
Xani dêwalla qirmizî pûşe
Tirazü we desi gewherfirûşe
Gewher nyeylêdem biçim we dizî
Barim şaperwer gûna qirmizî
Heyfe şaperwer yey çewê kalle
Her gûşey çawê xünî yey malle

---

**١- هەر گووشەی چەوێ خوونی یەی ماڵە: هەر گۆشەی چاوێکی خوێن (قیمەت)ی ماڵێکە.**

(٩)

کەڵهڕ .... دایەم دووڵاوی[١]

ئەمیر دان ئەو دەس ترکەی شراوی[٢]

ترکەیل بێبەخت باین، بەدبەختم کردین

وە زوور قەسەم جوامیر بردین

ئەر هەی جوامیر ماڵ وە بەرزەوە

شاڵوەنید کردن وە شاڵزەردەوە

فدای یەتیمەیل دەور قلاد بام[٣]

هەی قلا قلا بڕەس وە ئوورەدی

ئەڕا فاتمەی دەسماڵ د گوردی[٤]

Kellhirr .... Dayem dûllawî

Emîr dan ew des tirkey şirawî

Tirkeyl bêbext bayn, bedbextim kirdîn

---

١- دووڵاوی: جێگایەکە لە گێلانی غەربی کرماشان، کە کاتی خۆی شەڕی نێوان کوردی کەڵهووڕ و تورکەکانی سەردەمی سەفەوی لەوێ ڕوویداوە.

لە هێندێك نێوچە، ئەم خشتە بەم شێوەیەش هەیە : کەڵهڕ کەڵهڕەیل دلێر داوی

٢- ئەمیر دان ئەو دەس ترکەی شراوی: ئەمیری کورد ڕادەستی تورکەکان کرا

٣- فدای یەتیمەیل دەور قلاد بام: بە فیدای هەتیوەکانی دەوری قەڵات بم

٤- Di gurdî: دوو لایی، دوو بەرابەر

We zûri qesem ciwamîr birdîn
Er hey ciwamîr mall we berzewe
Şallwenîd kirdin we şall zerdewe
Fiday yetîmeyl dewr qillad bam
Hey qilla qilla birres we ûrdî
Erra fatimey desmall di gurdî

(١٠)
بەتوول بەتێگە وە بەت بازی کەی[١]
وەنیش بژانگ تیرەنازی کەی
نیش بژانگێ چقیا لەرانم
وێنەی مارانگاز، گوڵ داگە گیانم[٢]
بەتوول بەتێگە وە قەی قڵاوە
وەو شەق مەخمەڵی، پۆلەک تڵاوە
بەتوول بەتێگە ها سەر ئاوان
دەسێ ها تەرتیب کەژاڵی چاوان

---

١- بەتوول بەتێگە وە بەت بازی کەی: بەتوول خاتوون بۆ خۆی جۆرێك باڵندەیە، وە بەتیش، گەمە (کایە، یاری، وازی، قومار) دەکات.
٢- وێنەی مارانگاز گوڵ داگە گیانم: وەکو شوێنی گەستەی مار، هەموو جەستەم مۆر بۆتەوە.

Betûl betêge we bet bazî key
We nîşi bijang tîrenazî key
Nîşi bijangê çiqya le ranim
Wêney marangaz, gull dage gyanim
Betûll betêge we qey qellawe
Wew şewü mexmellî, pülek tillawe
Betûl betêge ha seri awan
Desê ha tertîb kejallî çawan

(١١)

بەو بەو بەو بەو بەو، بەو مەچوورەوە
قەمزە[١] هاوەلای کەمەرچینەوە
بەو بەو بەو بەو بەو، کار ئەوپید دێرم[٢]
قسیەی چەن شەو پێش کەفتێیەس ئەو هۆرم
ئا تن بەو، تن بەو، بەو مەچوورەوە
هام لەخزمەتت تا رووژ بوودەوە

Bew bew bew bew bew bew meçûrewe
Qemze ha we lay kemerçînewe
Bew bew bew bew bew kar ewpîd dêrim

---

١- qemze: خەمزە، غەمزە، نیم نیگا
٢- کار ئەوپید دێرم: کارم پێت هەیە.

Qisyey çenşew pêş kefêyes ew hürim

A tin bew, tin bew, bew meçûrewe

Ham le xizmetid ta rûj bûdewe

(١٢)

بەو بەو بەو بەو، دووس ئەزیزەگەم

کلوانک تلا سەر پیروزەگەم

بەو بەو بەو بەو، بەو بچینەوە

نازاری ها لای کەمەرچینەوە

بەو بەو بەو بەو، بەو مەچوورەوە

ئمشەو لەلامان رووژ بکەرەوە

Bew bew bew bew, dûs ezîzegem

Kilwanik tilla serpîrûzegem

Bew bew bew bew, bew biçînewe

Nazarî ha lay kemerçînewe

Bew bew bew bew bew meçûrewe

Imşew le laman rûj bikerewe

(١٣)

کەڵەکەڵەگان دەس کەنە سمکوو[١]

ئاو مەخوەن لەبان گوڵخومچەی لیموو

بنوورِ وەو کەڵە وە نشاتەوە[٢]

کەسم نەیشتێیەوە بساتەوە[٣]

بنوورِ وەو کەڵە چۆ مەکەی زاری

ئاو مەخوەی لە بان ریشەی مرواری[٤]

Kelle kellegan des kene simkû

Aw mexwen le ban gullxumçey lîmû

Binûrr wew kelle we nişatewe

Kesim neyştêye we bisatewe

Binûrr wew kelle çü mekey zarî

Aw mexwey le ban rîşey mirwarî

---

١- simkû: سمکۆڵ، سمکۆڵ کردن، کاتێك ئەسپ بە پێیەکانی زەوی هەڵدەکۆڵێ.

٢- Nişat: لوتکەی چیا، بڵندایی کێو

٣- کەسم نەیشتێیە وە بساتەوە: کەسم بە ڕووی دونیاوە نەهێشتووە.

٤- ئاو مەخوەی لە بان ڕیشەی مرواری: لە ڕیشەی مرواریدا ئاو دەخواتەوە. (مەبەست لە مرواری، ئەو بەردە گرانبەهایەیە کە لە قولایی دەریاکاندا ڕاو دەکرێ)

بەیتی یەکەم و بەیتی سێهەمی ئەم شیعرە، دەگەڵ شیعری منداڵاندا هاوبەشن.

(١٤)

داره گردڵەی لە خوار بووسان

گەلگەل نازاران، شەقەی تاوسان[١]

ئێ تاوسانە چ وەخت گەرمە

تەک دەرەو ئیلا[٢] کەی وەخت شەرمە

دەزۆران خاس دو گەزی باڵا

بچوو وە خزمەت خان دێواڵا

Dare girdilley le xwari bûsan

Gel gel nazaran, şeqey tawisan

Ê tawisane çi wexti germe

Tek derew îla key wexti şerme

Dezürani xasi du gezî balla

Biçû we xizmet xani dêwalla

---

١- شەقەی تاوسان: قرچەی گەرمای هاوین

٢- تەك دەرەو ئیلا: ڕوو بکەم بەم لاوە، بەر کە بەم لاوە

## *بالۆرە لە سنووری دووەم*

## (دیالێکتی نێوەڕاست - سۆرانی)

پێچەوانەی سنورەکانی کەڵهووڕنشینەکان، کە هەم موڵکی شار بووە و هەم موڵکی گوندیش، لێرە بابەتێك بووە تەنیا موڵکی گوند و گوندنشینەکان بووە و لە شار باوی نەبووە. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئامانجەکانیان لێك جودان.

شێوە و سروشتی ژیانی خەڵکی گوندی، جیایە لە ژیانی دانیشتوانی شار. خەڵکی گوندی، ژیانیان لەسەر مەڕداری و کشتوکاڵ بووە و ئەوەش وای کردووە کە بەردەوام لە دەر و دەشت بن، بەڵام خەڵکی شار ژیانیان لەسەر کەسابەت و دوکانداری و مامەڵە و وەزیفەدارییە، بۆیە پەیوەست بوون بە شار و، جگە لە سەیران و کەیفە، ئیشیان بە چوونەدەر بۆ دەشت و دەر، نەبووە.

بەهار و هاوین و پاییز بە گشتی و بە تایبەتییش بەهار، وەرزی باللۆرە بوون، چونکە وەرزی کەژ و کێوکردن بوون و خەڵك بە ژن و پیاوەوە چوونەتە کنگر و کاردوو و ڕێواس و کارگ و جەوت و مازوو و بێری و مەڕدۆشین و تاد... وەختی پشوودان و نان و چا خواردن، بالۆرەزانێك لەسەر گردێك و ئەوەی دیکە لەسەر گردێکی دیکە، بە دوورایی ئەوەندەی دەنگیان بگاتە یەك، بە

بالۆره بانگی یەکترییان کردووه و بالۆرەیان بەسەر یەکتریدا هەڵداوه و مەبەستی خۆیان گەیاندۆته یەکتری.
چەند خاڵێکی گرنگ و جێی سەرنج هەن، که پێویسته به هەندیان وەربگرین:
هەڵبەتا، بەشی هەره زۆری تێکستی بالۆره له سنووری پشدەر و موکریان و... جنێون. دەبینین که ژن و پیاو زۆر به پیسی یەکترییان داشوشتووه، بەڵام هەر ئەوەندەی که بەزمەکه تەواو بووه، ئەو ژن و پیاوه هیچ شتێکی ناخۆشیان له بەیندا دروست نەبووه و دڵیان له یەکتریی نەهێشاوه. هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ که لەو کۆمەڵگا کۆنەدا، ژن چەنده ئازاد و سەربەست بووه، سەرباری ئەوەی که بەرانبەر پیاو بالۆرەی لێداوه و دەنگی هەڵبڕیووه، جنێویشی گوتون، یان باسی خۆشەویستیی کردووه، یان دەردەدڵی خۆی کردووه، که به بۆچوونی من، ئەو حاڵەته، ئەو جۆره ئازادییەی ژنی کورد، که له ڕاست پیاوان دەست بکاتەوه و، بەبێ ئەوەی شەرم بکا، باسی سیکس و ئەوانه بکا، لەنێو میللەتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هاوشێوەی نەبووەو شتی وا نەبووه. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو ڕۆڵ و نەخشه کاریگەر و بەرچاوه دەگەڕێتەوه که ژنی ئەو ڕۆژگاره له بواری ئابووری و دابینکردنی بژێوی خێزان، له ئاژەڵداری،ماڵداری، کەژ و کێو، مەڕدۆشین، منداڵەبەری و...دا،

هەیبووە، کە نەك هەر شان بەشانی پیاو جەنگاوە، بەڵکو زۆر ماندووتریش بووە.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا (بالۆرە) دەگوترێ، یا لێدەدرێ؟ لە موکریان بە هیچ شێوەیەك ناڵێن بالۆرە دەگوترێ، بەڵکو دەڵێن: (بالۆرەی لێدا، بالۆرەی هەڵدا، بالۆرێکی لێدە، بالۆرێکی هەڵدە!). بەڵام لە باشوور، هەموو ئەوانە دەگووترێ: (بالۆرەی گوت، بالۆرێکی بڵێ، بالۆرەی لێدا، بالۆرەی هەڵدا و ...تاد) بۆیە ئێمەش لەم باسەدا بە (گوت، هەڵدا و لێدا...)مان بەکارهێناوە و جیاوازیمان پێ نەکردووە.

سەبارەت بەو بالۆرەیەی کە لە موکریان و بەشێك لە باشووری کوردستان هەبووە و هەیە، ڕا و بۆچوون هەیە کە ڕەسەنی وشەکە، لە ئامرازی پەیوەندی (بە) + وشەی (loورە)وە هاتبێ کە دەبێتە (بە لوورە)، کە مەبەست لە لوورەی گورگە، ئەویش بەو بەڵگەیەی کە ئاوازی باللۆرە، زۆر لە لوورەی گورگەوە نزیکە و، واتا بانگکردن بە شێوەی لوورە، چۆن؟ هەڵبەتا هەرچی پەلەوەر و باڵندە و ئاژەڵ هەیە، ئەوانیش وەك مرۆڤ، خوای گەورە زمانی تایبەتیی پێ بەخشیون کە لە نێوان خۆیاندا پێی دەدوێن و بانگی یەکتریی پێ دەکەن. لوورەیش، یاخوود لوورەلوور، زمانی تایبەتیی هێندێك ئاژەڵی گۆشتخۆری کێوییە وەك گورگ و چەقەڵ و ڕێوی. کاتێك گورگ بە جووتە یان بە ڕەوە، بە

تایبەتیش لە وەرزی زستاندا، کە لە ڕانەمەڕێك دەدەن یان بڵێین ڕاوی خۆیان دەکەن و دواتر بە هۆی تەقەی خاوەن ڕانەمەڕ، یان بەئاگاهاتنەوەی سەگ و بەگژداچوونەوەیان، یان هەر کەسێکی دیکە، یان هەر حاڵەتێکەوە بێت، گورگەکان هەڵدێن و لە یەکتری هەڵدەبڕێن و لێك ون دەبن، بە لوورە، کە زمانی تایبەتیی خۆیانە، بانگی یەکتریی دەکەن و یەکتری دەبیننەوە[1].

بۆیە، ئەگەر وابێت، بەر لەوەی باللۆرە وەك شێوەی ئێستای لێبێت و دەقی شیعریی بۆ دروست ببێت و بۆ مەبەستی جیا جیا لە کەژ و کێو بەکار بێت، سەرەتا وەك جیفرە بەکارهاتووە و دوو کەس یان زیاتر، لە کەژ و کێو، یان لە تاریکایی شەواندا، بە لاسایی لوورەی گوورگ بانگی یەکتریان کردوە و یەکتریان دۆزیوەتەوە. جا لەوەیە، ئەو دوو کەسە، کچ و کوڕێك بووبن لە شەودا ژوانیان گرتبێت و بۆ ئەوەی خەڵك پێ نەزانێت و کەس هەستیان پێ نەکا. یان ئەوەتا دوو پیاو بووبن بۆ دزی یان بۆ پیاوکوشتن یان بۆ هەر کارێکی دیکە ڕۆیشتبن، لە جیاتی ئەوەی

---

١- سوڵتان ئەحمەد حەسەن، ناسراو بە سوڵتان دێهاتی، حەیرانبێژ و فۆلکلۆرناس، لەدایکبووی ١٩٤٧ گوندی (کولیچ)ی سەر بە پیرانشار، دانیشتووی ڕانیە... خانەوادەی سوڵتان دێهاتی بە ڕەسەن خەڵکی ڕەواندزن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەحمەد حەسەنی باوکی لە ١٩٤٦ پێشمەرگەی کۆماری مەهاباد بووە، سوڵتان لەو سەردەمە و لەوێ هاتۆتە دونیاوە.

به زمان و به دەنگی ئاسایی بانگی یەکترییان کردبێت، به لوورەی لاسایی گورگ، له شوێنێك یەکتریان گرتبێت...

پاشان، ئەو حاڵەتە وردە وردە گۆڕاوە بۆ بەزمی کەیفە و خۆشەویستی و، ژنان و پیاوان و کچان و کوڕان بۆ مەبەستی جیا جیا له دەرودەشت و کەژ و کێو بەکاریان هێناوە و کاتی خۆیانیان پێ بەسەر بردووە و ئەو سیمایەی وەرگرتووە کە دواتر پێیگوترا باللۆرە.

هەموو ئەو شارەزایانەی کە تایبەت بە بالۆرە دیدارم لەگەڵ کردوون، کەسانێکن لە ڕۆژگاری بالۆرەدا ژیاون و گەواهی گفتوگۆکانی بالۆرە بوون و وەك سەرچاوە سوودم لێوەرگرتوون و هەر لەم بابەتەدا لە پەراوێزدا ناویان هاتووە و ناسێنراون، دەڵێن و کۆکن لەسەر ئەوەی کە بالۆرە تەنها کچان و ژنان گوتویانە و پیاوان بالۆرەیان نەگوتووە و، وەختێك کچان بالۆرەیان بەسەر پیاوێکدا هەڵداوە، پیاوەکە بە حەیران وەڵامی داوەتەوە. بەڵام، وەختێك لە دەقی ئەو بالۆرانەی کە لێرەدا تۆمار کراون، ورد دەبینەوە، پێچەوانەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت و دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر بالۆرەی تێدان کە هەموویان لە وەڵامی بالۆرەی ئافرەتاندا لێدراون و تام و بۆی پیاوانەیان بە ڕوونی پێوە دیارە. بۆیە لە ڕاستیدا نازانرێ ئەو ڕایە، بۆچی و لە کوێوە سەری هەڵداوە!

لەبەرئەوە، بە پشتبەستن بە دەقی ئەو بالۆرانەی کە دەنگ و ئاخاوتنی پیاوانیان بەسەرەوە دیارە، ناچار دەبین ئەو ڕایانە پشتگوێ بخەین و بڵێین:

بالۆرە، شێوازێکە لە گفتوگۆ لە نێوان کچ و کوڕ، ژن و پیاو یان ئافرەت و ئافرەت و، لە نێوان پیاو و پیاودا ڕووی نەداوە. نێوەرۆکەکەیشی: ١) خۆشەویستی ٢) پێداهەڵدان ٣) خۆپەسنی ٤) شەڕەجنێو[١]... ئەمانە بابەتی سەرەکیی بالۆرە بوون. ٥) جارو بارەیش: تامەزرۆیی سێکسیی (بەتایبەتیش لای ئافرەت) ٦) کچان بۆ قایلکردن و پێگوتن بۆ براکانیان، لەگەڵ یەکتریدا بەکاریان هێناوە[٢] ٧) گلەیی لە بەخت ٨) هەروەها کاتێك لە دەشت و کەژ و کێو و شوێنی چۆڵ و مەترسیدار لێك هەڵبڕاون و لە یەکتری ون بوون، بە هەوای باللۆرە (واتا بێ تێکست) بانگی یەکترییان کردووە و یەکترییان دۆزیوەتەوە...

---

١- بۆ نموونە: بالۆرێ بە لێوان شەققەی تولەمێوان حازربە بۆ جنێوان

٢- بۆ نموونە: کیژێ لە لا باسکی مەمکت سەرتوێی ماستی بۆ برای خۆم دەخواستی

نموونەکان:

***خۆشەویستی:***

**باللۆر بازی خانی**
**ئاوا بووم لە بانی**
**لە سوێی کوڕەحەیرانی**

**لەسەر شاخە پانی**
**مەمکت وەك فینجانی**
**وەك بڕنووی دەتکەم لە شانی**
**خواردنی ئاغا و کرمانجانی**

***پێداهەڵدان:***

**هۆ خەجیلێ مامەسواری**
**چەند بە لەنج و بە لاری**
**وەك سێتیرێ[1] دوگمە خواری**

---

١- سێتیر: جۆرێك چەکی کۆن بووە، ٣ فیشەکی خواردووە.

**خۆپەسنی:**

**کوڕی شای قەجەرم**
**خەنجەر لە کەمەرم**
**هاتووم ئەتۆ بەرم**

**لەسەر بەردەسپیمە**
**ترێی تایەفیمە[1]**
**خوشکێ تفەنگچیمە**

**باللۆرێ نازانم — کۆخێ نێو ڕەزانم**
**سەر بەسەر[2] بە کوڕانم — یەك و دوو بە کچانم**

---

١- ترێی تایەفی: جۆرێك ترێیە لە کوردستان

٢- سەر بەسەر: کێشان (وەزن) بە کێشان، شت بە شت، شت موقابیلی شت. ڕۆژگاری کۆن و هەتا هەشتاکانی سەدەی بیستیش، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لای خەڵکی بنار و چیانشینەکان، کە پارە و دراو نەبووە، یان کەم بووە، سەودا و مامەڵە بە گشتی کاڵا بە کاڵا (شت بە شت) بووە. لەو ڕووەوە، چیانشینەکان، پاییزان میوەی وەك ترێ و هەنار و هەنجیر و تادیان... دەهێنا بۆ دەشت (گوند یان شار) و میوەکەیان بە دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆ و نیسك و نۆك دەگۆڕییەوە. جا، لەو سەودایەدا، ئەگەر میوەکە و گەنمەکە وەك یەك زۆر جوان و نمرە یەك بوایەن، ئەوە سەودا و کێشانەکە سەر بە سەر بوو، واتا سەر (تا)ێکی ترازووەکە پڕ لە میوەکە دەکرا و تایەکەی دیکەیش بە کێشی میوەکە پڕ دەکرا لە گەنم. خۆ

**شەڕەجنێو:**

**هێ کچێ لە بن نوێوە[1]**
**دارێ ڕەش بە پێوە**
**ئەو کیرەت هەموو تێوە**

**شوانەی مەڕەزاوی**
**دانووم بۆ لێناوی**
**میتکەم بۆ تێناوی**

---

ئەگەر گەنمەکە پیس بوایە و نمرە دوو بوایە، ئەوە سەرێك میوە بەرانبەر بە دوو سەر (تا) گەنمەکە بوو. وە بە پێچەوانەیشەوە، جار هەبوو میوەکە جوان و نمرە یەك نەبوو، ئەوە دوو سەر میوە بەرانبەر سەرێك گەنم بوو. ئەوە بۆ گەنم، بەڵام بۆ دانەوێڵەی دیکەی وەك جۆ و نیسك و نۆك، بۆ سەرێك میوە، دوو سەر دانەوێڵە حیساب دەکرا و ئیدی بەو چەشنە... جا، لەبەرئەوەی کە لە دید و کەلتووری کۆنی کوردەواریدا، پێگەی ژن هێندەی پێگەی پیاو بڵند نەبووە و بۆ مەسەلەکانی وەك میراتی و شاهیدی و...تاد، هەمیشە دوو ئافرەت بە پیاوێك دانراوە، ئەو حیساب و کیتابە لە بیر و زەینەتی ئافرەت خۆیشیدا ڕەنگی داوەتەوە و جێگیر بووە. بۆیە لە بالۆرەکەدا جۆرێك لە پەسنی تێدایە و خۆی لە مەقامی پیاودا داناوە و دەڵێ: سەر بە سەر بە کوڕانم، یەك و دوو بە کچانم، ئەوە لەو جۆرە سەوادایانەی کاڵا بە کاڵاوە هاتووە کە لە سەرەوە لێی دواین...

١- نوێ: نوا، بەر سوێبانە، پەسیو

لەسەر دارئەسحابی
قیڕەی کەڵەبابی
نەتگێم ئاقڵ نابی

***تامەزرۆیی سێکسی:***

بریا کۆنە کەوا بام
دەبەر لینگانیدا بام
بە گانانی دڕابام!

هۆی خاڵی لەو بەری
پشتێن شاڵ کودەری
بۆت بووم شێت و حەشەری[1]
هیچکەس نیە لێم بەری!

***پێکوتن و قایلکردن:***

کیژێ لە لا باسکی
مەمکت سەرتوێی ماستی
بۆ برای خۆم دەخواستی

---

١- حەشەری: ژنی زۆر هەوەسباز و تێرنەبوو، لە جنس.

***گلەیی لە بەخت:***

**دەڕۆم بەرەو کوێستان**

**مەمکم قیت ڕاوەستان**

**بۆ گولەی بوون بە بێستان**

**دەڕۆم بەرەو کێوە**

**مەمکم سوورەسێوە**

**بۆ گولەی بە دارێوە**

**لە سەران بۆسیر[1] دێ**

**دەنگی پیاوی پیر دێ**

**جوانێ خۆم وەبیر دێ[2]**

**ئەگەر لە تێکستی بالۆرەکان ورد ببینەوە، دەبینین کە: جگە لەو کچ و کوڕ و ژن و پیاوانەی کە بە ئیشی گژوگیای بەهاری و مەڕدۆشین و تاد، لە کەژ و کێو بوون و بالۆرەیان گوتووە، شوان**

---

١- بۆسیر: بۆن سیر، بۆنی سیر

٢- جوانێ خۆم: جوانیە خۆم، گەنجێتیە خۆم، لاوێتیە خۆم

و جوتێریش دوو کارەکتەری دیکەی بەردەوامی نێو بەزمی باڵۆرەکان بوون:

***شوان***، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جگە لە وەرزی زستان، وەرزەکانی دیکە، بە هۆی سرووشتی ئیشەکەیەوە، بەردەوام ژیانی لە کەژ و کێو و چۆڵەوانی بەسەربردووە و کەسێکی تەنیا بووە. ژنوژاڵ و کچ و کاڵی دەشت و دەر هەستیان بە تەنیایی و زەوق و ئاڵۆشی دەروونیان کردووە، بەزمیان پێکردووە، باڵۆرەیان بەسەردا لێداوە و بزاوتویانەتەوە، لە ئاخیردا ئەویش، کە لە خوایەکی ویستووە کەسێکی، بە تایبەتیش ئافرەت، بۆ پەیدا ببێت و کەف و کوڵی خۆی پێ بڕێژێت، وەڵامی داوەتەوە و ئەوەی لە دڵ و دەروونیدا بووە دەریبڕیووە...

لەسەر بەردەبێری
دەرپێم کەوتە نێو ئەستێری[1]
شوان بێ بۆ بەشەخێری![2]

---

١- ئەستێر: ئەستێرك، ئەستێڵ، حەوزی ئاو

٢- بەشەخێر: مەبەستی لە نێوگەڵی خۆی بووە، یانی چۆن کەسێك کە ماڵاتێك سەر دەبڕێ بۆ خێر و خەڵك بەشی خۆی لــێ دەبا، ئەویش ئاوا بەو شێوەیە خێری لە نێوگەڵی خۆی کردووە، زۆر کەس لێیان بردووە، با ئەویش بێت بەشی خۆی ببا!

شوانە، مەحەتێنە[1]
مەڕی هەڵمەستێنە
وەرە بمگەوزێنە

**جوتێر**، ئەویش هەر بۆ بەزم پێکردن و شەڕپێفرۆشتن بووە. کاتێك کچ و کاڵ و ژن و ژاڵی بێری یا گیاکەر، بە لای جوتێردا ڕەت بوون، وەك چۆن بەزمیان بە شوان و ڕێبوار و ڕەوتەنی کردووە، ئاواش بالۆرەیان بەسەر جوتێردا هەڵداوە. بێگومان جوتێریش چەنگەی کردووە[2] و هاتۆتە دەنگ، بەڵام زۆر نا، لەبەرئەوەی: لە لایەك، کاری جوتێری پێویستیی بە وەخت بووەو، وەخت بۆ وی زۆر گرنگ بووە، ئەو کاتەی لەبەردەستدا نەبووە دابنیشێ و بە دڵی خۆی وەڵامی بالۆرەی ژنان و کچان بداتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە، جوتێر وەك شوان کێوپەرست و دوورە ئاوایی و ئاوەدانی نەبووە تا زۆر تامەزۆری بالۆرە و

---

١- مەحەتێنە: چەقەچەقێ مەکە، قسەی زیادە و بێ سەرەوبەرە مەکە، چەنەبازی مەکە

٢- چەنگەی کردووە: دەستی کردۆتەوە، بەرگریی کردووە، وەڵامی شەڕی داوەتەوە.

بەزمی ژنان بووبێ، ئێوارە دوای ئیش، گەڕاوەتەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆی...
هەرچەندە لە نێو تێکستەکاندا، تێکستێکی وامان لەبەر دەستدا نیە کە سیمای جوتێری پێوە دیار بێت و بڵێین ئەو بالۆرەیە جوتێر هەڵیداوە، بەڵام ئەوە مانا و بەڵگەی ئەوە نیە کە جوتێر بالۆرەی هەڵنەدابێت، گومانی تێدا نیە کە بالۆرەی لێداوە، بەڵام، بە ڕای من، بەو هۆکارانەی سەرەوە کە پێشتر خرانە ڕوو، کەم.

جووتێری لە شێوێ
قوزت دەبەمە سەر لێوێ

جووتێرەی لە جووتی
گووی سەت بە دم و لووتی

بەللۆرێ، جووتیاری لە جۆتی
مشکان گونان لـێ کرۆتی[1]
یارێ زگ پێ سۆتی[2]

---

١- لـێ کرۆتی: لـێ کرۆشتی
٢- یارێ زگ پێ سۆتی: یار زگی پێ سووتای، یار بەزەییی پێدا هاتیەوە.

جووتێری گاسووره
خەتان ماوێ دووره
دمت بەو کونە سووره

جووتێری گاڕەشی
خەتان دوور دەبەشی
دمت بە کونەڕەشی

بالۆره، بە فشاری قامکی شاده بە تەنیا، یان قامکی شاده و قامکەگەوره پێکەوه لەسەر قوڕگ، دەردەبڕدرێت. جگە لەوه بە هەمان دوو قامك، بە لێوی خوارەوەیش لێدەدەرێت[1]، بەڵام کەمتر...

---

١- ئەلف/ * تەڵعەت نەجم ئەحمەد ناسراو بە شێخ تەڵعەت، لەدایکبووی ١٩٣٤ گوندی ڕۆستێ- ناحیەی سمێلان- قەزای چۆمان- هەولێر، دانیشتووی گوندی ڕۆستێ.
* ئەحمەد ساڵح حەمەد، لە دایکبووی ١٩٢٩ گوندی ڕۆستێ و دانیشتووی هەمان گوند.
* خدر ئیسماعیل قادر (مەلا خدر بادڵی)، ڕووناکبیر و فۆلکلۆریست، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی (بادڵیان) سەر بە ناحیەی دیانان لە قەزای سۆران- هەولێر، لەدایك بووه. ساڵی ١٩٧٤ پەیمانگای ئیسلامیی لە ناحیەی گەلاڵە تەواوکردووه. ساڵی ١٩٧٦ لە ڕواندزێ لەسەر دەستی مەلا ئەحمەدی وەرتی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووه. ئێستا لە گوندی بادڵیان دادەنیشێ.

**باللۆرەی بە لێوان**
**شەڕی توولەمێوان**
**حازربە بۆ جنێوان**

**بالۆرە، دیارە بە بەشی پێشەوەی قوڕگ دەگوترێت، بەڵام کاتێك مرۆ دەکەوێتەوە تەمەنەوە، قوڕگ و پێستی پێشەوەی قوڕگ ڕەق دەبێت، کە ڕەق بوو، قامك بە زەحمەت کاری تێدەکات، لەو کاتەدا بالۆرەبێژ قامکی دەگوێزێتەوە بۆ تەنیشتی قوڕگی کە نەرمە و بە ئاسانی بەرز و نزم دەبێت و بە ئاسانی بالۆرەکەی بۆ لێدەدرێت[1].**

**دەقی بالۆرە، ڕووخسارێکی شیعریی هەیە و کۆپلە کۆپلەیە، هەر کۆپلەیەکی لە دوو نیوەدێر کەمتر و لە پێنج نیوەدێڕ زیاتر نیە، واتا کۆپلەی دوو نیوە دێڕی، سێی و چواری و پێنج نیوەدێڕین. هەروەها سەرواداره و لە ڕووی کێشیشەوە کێشەکانیان وەك یەك نایەنەوە بەڵکو بالۆرەبێژ لەو دەم و دەستەدا، ئەگەر یەکێك لە نیوەبەیتەکانی، بە کێشی تەواو بۆ دەرنەهات و لەنگ بوو، ئەوە گوتنەکە درێژ دەکاتەوە و ئەو لەنگیە بە دەنگ پڕ دەکاتەوە.**

---

**بێ/ بڕوانە بالۆرەی "بالۆرێ بە لێوان ...تاد" ل٥٧ و ٥٨ و ٦٦.**

**١- سمایل چاوڕەش، سەرچاوەی پێشوو**

باللۆره، به ژن و پیاوی بەهرەمەند و بەزەوق و به توانا گوتراوه، واتا هەموو ئەو ژن و پیاوانه یان ئەو کچ و کوڕانەی که کەژ و کێویان کردووه، بالۆرەیان نەگوتووه، چونکه بەدەر له زەوق و حەزی بالۆرەهەڵدان، دەبوو هەستی شاعیرانه و توانای هۆنینەوەی کۆپله و بەندی باللۆرەیش لەو کەسەدا هەبووبێت. جگه لەوە، دەبوو دەنگیشی خۆش و لەبار بووایه.

شێوازی لێدانی باللۆره بەم شێوەیه بووە: بالۆرەبێژ، دوای هەر نیوەدێڕێك، قامکی له قوڕگی (بەشی پێشەوەی بێت یان تەنیشتی) دەدات و لەرانەوەیەکی خۆش و تایبەت دروست دەکات و وەك (سەرەبەند)ی لێدێت، ئەو سەرەبەندەیش وشەیەکی وەك: "هۆ یارێ" یان شتێکی دیکەی لەو جۆرەیه... سەرلەبەری تەواوی دەقی بالۆرەکانیش، هەموویان یەك ئاوازیان هەیه.

دوو نموونه له شێوازی هەڵدانی بالۆره:

هۆ خەجیلێێێێێێ مامەسواری، هێ لۆ وۆ وۆ وۆ
چەند به لـــــــــــەنج و به لاری، هێ لۆ وۆ وۆ وۆ
وەك سێتیرێێێێێێ دوگمەخواری، هی لۆ وۆ وۆ وۆ

هۆ بەللۆۆۆر قانی قانی، هۆۆۆۆ یاریێ هۆۆۆۆۆ یاریێ
هۆ دەرپێێێێێ شارەبانی، هۆۆۆۆ یاریێ هۆۆۆۆۆ یاریێ
لێتەکەم[1] تەڕەگانی، هۆۆۆ یاریێ هۆۆۆ یاریێ

بالۆرە لە کوردستان، زیاتر لە موکریان، پشدەر، بیتوێن، گەرمێن و سنوورەکانی هەولێر (دۆڵی باڵەکایەتی و باڵەییان، دیانان، دۆڵی ڕۆستێ و تاد)، باو بووە، لە سنوورەکانی هەورامان و بادینان و کوردستانی باکوور، نەبووە.
ئەوەی دیارە، لە باشووری کوردستان، بالۆرە تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست، بە هۆی ئەوەی ژیان لە گوندەکان هەبووە، کەژ و کێو کردن هەبووە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەك تی ڤی و سەتەلایت و تاد، وەك ئەمڕۆ نەبووە، باو و برەوی هەبووە و لێدراوە، بەڵام لەو سەردەمە بە دواوە و بە تایبەتیش دوای قۆناغی ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە ئاڵۆگۆڕێکی نوێ لە کەلتوور و ئەدەبیات و شێوازی ژیان و بژێوی خەڵك بەگشتی و دێهاتیەکان بە تایبەتی، هاتۆتە گۆڕێ، بالۆرەیش وەك زۆربەی ژانرە فۆلکلۆری و کەلەپووریەکان لە حیکایەتی گوێ ئاوردان، حەیرانی نێو دیوەخان و مەجلیسەکان، داب و ڕەسمی کۆمەڵگا

١- لێتەکەم: لێت ئەکەم، لێت دەکەم

و تاد... ئاڵو گۆڕی بەسەردا هاتووە و لە کزیی داوە، لە زۆر شوێنیش هەر بە یەکجاری باوی نەماوە.

## قسەی کۆتایی

لەو قسە و باسانەی سەرەوە، بۆمان ڕوون بووەوە کە بالۆرە – بنملی، لە دوو مەڵبەندی بەرفراوانی کەڵهووڕی و بەشێکی سۆرانینشیەکان، بوونی هەبووە و لێدراوە. وە ئەوەشمان بۆ ساغ بۆوە کە لە هەردووکیاندا خاڵی هاوشێوە هەیە، بەڵام لە ئامانجدا، کە سەرتۆپی مەسەلەکەیە، زۆر لێك دوورن، بۆیە دەکرێ ئێستا ئەو پرسیارانە بکرێن:

* ئایا بالۆرە (بنملی)، لە هەردوو مەڵبەندەکە، دەبێ لە یەك سەردەم و ڕۆژگاردا سەریان هەڵدابێ؟

* ئایا یەکەمجار، دەبێ لای کەڵهووڕییەکان سەریهەڵدابێت و پاشان بە هەر هۆکار و لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێ، وردە وردە دزەی کردبێتە نێو زاری نێوەڕاست؟

* ئەگەر وابێت، ئەی بۆچی لای سۆرانیەکان، ئامانج لە بالۆرە، تەنیا و تەنیا بۆ کەیفە و خۆشییە و بە هیچ شێوەیەك بەلای پێداهەڵدان بە کەسایەتییە کوژراوەکان و گێڕانەوەی شەڕ و شۆڕ و پەلاماری دوژمناندا نەچوون و، تاکە تێکستێکی لەو چەشنە بەرچاو ناکەوێ؟

* وه ئەگەر، ئەگەری ئەوە هەبێت کە بالۆرە لە زاری نێوەڕاست (سۆرانی)یەوە پەڕیبێتە لای کەڵهووریەکان، ئەی بۆچی لەوێ کەمتر بە ئامانجی کەیفە و خۆشی بەکارهاتووە و بۆچی بابەتی پێداهەڵدان بەسەر سوارچاك و گێڕانەوەی چیرۆکی پەلاماری دوژمنانی تێکەوتووە و بابەتی سەرەکییە؟

لە ڕاستیدا ئەوانە هەموو پرسیارن، کە پێویستە وەڵامی دروستیان بدرێتەوە و لە داهاتوودا کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، مەیدانی لەو بابەتە بکۆڵنەوە. بەڵام لە حاڵی حازردا، ئەمن وەك خۆم، ڕام وایە کە یەکەمجار لای کەڵهووڕییەکانەوە دروست بووە و پاشان بە پرۆسەیەکی هێواش هاتبێتە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری موکریان و پشدەر و و پاشان بۆ هێندێك لە بەشەکانی دیکەی سۆرانییەکان. وە بۆ وەڵامی ئەوەش کە بۆچی لە پشدەر و موکریاندا بالۆرە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی شەڕ و شۆڕ و پەلامارەکان و پێداهەڵدان بەسەر سوارچاکاندا بەکارنەهاتووە؟ ئەمن پێم وایە لەبەرئەوەیە کە لێرە، لە موکریان و پشدەر و دەشتی هەولێر و دۆڵی باڵەکایەتی و... حەیران و لاوك[1] هەیە کە باس لەو ڕووداوانە دەکەن، بۆیە ئەو بابەتە لە بالۆرەدا پشتگوێ خراوە.

---

١- هەرچەندە لاوك، تایبەتە بە سنووری بادینان، بەڵام لە دەشتی هەلێر و شوێنەکانی دیکەیش، کەم و زۆر بوونی هەیە و گوتراوە و دەگوترێ.

## ئەو سەرچاوانەی کە بالۆرەیان تێدا هاتووە:

ئەوەی کە تا ئێستا من، دەربارەی (بالۆرە) بەرچاوم کەوتبێ، ئەم چەند سەرچاوانەن:

١- فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری[١]

٢- داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا[٢]

٣- گۆڤاری کاروان[٣]

٤- فۆلکلۆری کوردیی لە ناوچەی دزەییاندا[٤]

٥- گۆڤاری کاروان[٥]

---

١- محەممەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووك، ١٩٧٤.

٢- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٧٨.

٣- مەولوودبێخاڵی، لە نەریتە کۆنەکانی کوردەواری، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٨، ئایاری ١٩٨٣، ل٨٠-٨٢.

٤- ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی، فۆلکلۆری کوردیی لە ناوچەی دزەییاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا، ١٩٨٤.

٥- ئەحمەد شادی، بالۆرە، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤٣، نیسانی ١٩٨٦، ل١٠٠.

٦- داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا[١]

٧- کانیی مرادان – کۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان[٢]

٨- دەنگی مێیینە لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا[٣]

٩- ئەدەبیاتی زارەکی موکریان– بەشی ژنان[٤]

١٠- هەرمانێك لە بێدەنگی، هووره و گۆرانی، بنملی[٥].

---

دواتر هەمان بابەتی لە کتێبێکدا بڵاو کردەوە. بڕوانە: هەر مشتەی لە خەروارێك، ئنستیتیووتی کەلەپووری کورد، ٢٠١٧، چاپخانەی ئنستیتیووت

١- عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

٢- سەلاح پایانیانی، کانیی مرادان- کۆمەڵێك بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهاباد، ورمێ، بەهاری ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢ی زایینی).

٣- بوار نورەدین، دەنگی مێیینە لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤- سەلاح پایانیانی، ئەدەبیاتی زارەکی موکوریان- بەشی ژنان، چاپی یەکەم ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤ی زایینی).

٥- ژیار جهانفەرد، هەرمانێك لە بێدەنگی(جاودانگی در سکوت)، هووره و گۆرانی، بنملی، بەرگی ٢، کرماشان، ٢٠١٧.

هیچکام لەوانە، جگە لە لێدوانی ڕاگوزەر و هێندێك تێکستی بالۆرە، بە وردی و وەك لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و تێر و تەسەل، باسیان لێوە نەکردووە، نەچونەتە بناوان و وردەکارییەکانی، جۆرەکانی، چۆنیەتی سەرهەڵدانی و مەڵبەند و سنوورەکانی. لەو سەرچاوانە، تەنیا بوار نورەدین لە کتێبەکەیدا، کە تایبەتە بە گۆرانی و هۆنراوەی ژنان بە گشتی لە فۆلکلۆری کوردیدا، جیاوازتر قسەی لێوە کردووە و وەك ئەدەبێکی زارەکیی ئافرەتی کورد، ڕیزبەند و پۆلێنی کردووە.

# کۆمەڵێک تێکستی باڵۆرە

**سەرنجێک**

هەر وەك لە پەراوێزەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە، ئەم تێکستانە، جگە لەو دەقانەی کە بە نووسین و بە دەنگ لە کەسانێك وەرگیراون، بەشێکیشیان لە نێو سەرچاوە و کتێباندا ڕاگوێزراونەتە ئێرە. ئامانج لەوە، کۆکردنەوەی زۆرترین دەقی بالۆرەیە لە یەك کتێبدا، کە گومانی تێدا نیە سوودێکی زۆر بە خوێنەر و بە کەسانێك، کە کاری لێکۆڵینەوە دەکەن، دەبەخشێت.

{کوڕ: کیژێ لەبەر یاڵی
وەك ماینێ بە فاڵی[1]
دەتگێم بە حەڵاڵی

کچ: کوڕە مەگرە غەمێ
ڕاوەستە دەتگەمێ
گووی خۆمت دەدەمێ

---

١- فاڵ: وەختی جووتبوون و وەهەوەسهاتنی ماین.

**کوڕ: کیژێ لە تەپۆڵکێ**
**میتکەت دانکی[1] نۆکێ**
**ناتگێم دێڵەکسۆکێ[2]**

**کچ: کوڕەکە کوڕەکە**
**بە چۆغەی شڕەکە!**
**نامەرد دەستەوەکە**

**کوڕ: کیژێ لەوی ژێری**
**بەندان[3] هەڵدەدێری**
**میتکەی تۆم بە کێری**

**کوڕ: کیژێ لەسەر دارێ**
**لێم ڕابوەستە جارێ**
**دەتهێنم بەهارێ**

---

١- دانک: دنک، دەنک

٢- دێڵ: مێ، کە لە بنەڕەتدا بۆ سەگ بەکاردێت، بەڵام جار بە جار لە هێندێک سنوور بۆ ئافرەتیش بەکاردێت/ کسۆک: سەگ یان توتەڵەسەگ، بەچکەسەگ

٣- بەندان (بەند): بەیت، کۆپلەی شیعر

حیزێ قانی قانی
بە شەو دەدەی گانی
بە ڕۆژ لێم نابانی

حیزێ پێشان پێشم
ماینی سەر بە ڕێشم[1]
لە خۆتت دەکێشم

کچ: حیزێ لە سووورداشی
بە خۆ و بە وڵاشی
بۆ قوندانێ باشی[2]}

{هۆ خەجیلێ مامەسواری
چەند بە لەنج و بە لاری
وەك سێتیرێ دوگمە خواری

١- ڕێشم: ڕێشمە، ئاوسار، هاوسار
٢- تا ئێرە و باللۆرەکانی نێوانە ئەم دوو کەوانەیە، بە دەستنووس لە عەلی حەسەن حوسێن،م. عەلی سێوەیسی، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لەدایکبووی ١٩٥٤ گوندی سێوەیس- بناری قەندیل/ ناحیەی سەنگەسەر– قەزای قەڵادزێ، دانیشتووی ڕانیە، وەرگیراوە.

هێ کچێ لە بن نوێوە
دارێ ڕەش بە پێوە
ئەو کیرەت هەموو تێوە

هێ کچێ لەوی بەری
دۆخین کەژی[1] کەری
کیری برای منی دە تەپڵی سەری

هێ کچێ لەوی لایە
کیرم دار عەسایە
گفتت بە کێ دایە

هێ کچێ دانیشتیە
قوزی قەڵشتیە
بەخۆم لێ چەشتیە

هۆ شوانی بزنۆکان
کرمت بکەونە چۆکان
هەندی گوجیلە و کسۆکان

---

١- کەژی: کەژوو

حیزێ لە تەلانی
دەرپێ شارستانی
لێتەکەم تەڕەگانی[1] }

{هۆ بەللۆر قانی قانی
دەرپێت شارەبانی
لێتەکەم تەڕەگانی

هۆ بەللۆر لەسەر گردی
لە ماڵێم لۆ خۆ بردی
ڕامکێشای لە تڕێم بردی

هۆ بەللۆر لە چەقەرا[2]
لێت ئەدەم بە ڕەپەرا
داکێت بگرم لەبەر کەرا[3] }

---

١- سمایل چاوڕەش، سەرچاوەی پێشوو، تا ئێرە و بالۆرەکانی نێوان ئەم دوو کەوانەیە لە ناوبراو وەرگیراوە بە گوتن و بە قسە.

٢- چەقەر: چەقەڵ، چەقەن، شوێنی زورگ و ڕەقەن و نەکێڵ

٣- مەلا خدر بادڵی، سەرچاوەی پێشوو، بالۆرەکانی نێوان ئەم دوو کەوانەیە لە بەرێزیان وەرگیراوە بە گوتن و بە نووسین.

{بالۆرەی دەبێژم
پانۆکەت بە درێژم

باللۆر بە شەماڵی
لفکەم حەرزی[1] دەماڵی
ناکەم کوڕە خاڵی

شوانەی هەکێ و مەکێ
ڕدێن خووری شەکێ
دمت بە بۆرەکێ

لەسەر کونەمارێ
پێتدا بەرمە خوارێ
سێ مانگەی بەهارێ

خیزم خیزم خیزم
کیژێکی ئازیزم
دە دمی بابت میزم

---

١- حەرز: عەرز، ئەرز، زەوی، خاک.

باللۆرەی بە لێوان
شەڕی توولەمێوان
حازربە بۆ جنێوان

کوڕی شای قەجەرم
خەنجەر لە کەمەرم
هاتووم ئەتۆ بەرم

کیژێ حەڕەبیمە[1]
بەژن دارەبیمە
بە تۆ ڕازی نیمە

شوانۆکەی بە ڕێوە
کیسە و قەننە پێوە
ماچیکە ئەو لێوە

باللۆر بازی خانی
ئاوا بووم لە بانی     لە سوێی کوڕەحەیرانی

---

١- حەڕەب: عەرەب

چاوت چاوی سەقر و بۆقی
لە دوات دەکەم گورگەلۆقی[1]
ناتگەمێ دڵم تۆقی

کیژێ لەوێ ژێری
بەردان هەڵوێژێری
بیژوان پێ وەشێری

کیژێ لە لا باسکی
مەمکت سەرتوێی ماستی
بۆ برای خۆم دەخواستی

باللۆرەی بە لێوان
شەقەی توولەمێوان
شەو خۆشە لە کێوان

گاوان بە گۆپاڵەوە
حەوت ژن بە منداڵەوە     حاڵ بێ بە ئەحواڵەوە

---

١- گورگەلۆقە: ڕەوت و ڕۆشتنێکی ناخۆشی وڵاخی باربەری وەك کەر و ئێستر و ماینە، ڕۆیشتنەکە لە نێوان غار و ڕۆیشتنی ئاساییدایە.

دەڕۆم بەرەو بایە
دەدرووم نەرمەگیایە
بۆ ئەسپی تاقەبرایە

لەسەر شاخی گاگەشی
مەنگووڕی یا مامەشی
چبکەم جەرگم بۆت دێشی

ئەتۆ لەو بەری چۆمی
ئەمن لەو بەری چۆمی
مەڕۆ یارێ خۆمی

شوانەی شەکەمێیە
وەرە سەرەڕێیە
دەتدەمێ بەهێیە

دەڕوا بەرەو کوێستان
مەمکی قیت ڕاوەستان
بوون بە باخ و بێستان
لەبۆ خزم و دۆستان

لەسەر دارە زینێ
کۆڵلارە[1] دەخوێنێ
هەرچی نێوم دێنێ
قەت کەسی نەمێنێ

لەسەر شاخە پانی
مەمکت وەك فینجانی
وەك بڕنووی دەتکەم لە شانی
خواردنی ئاغا و کرمانجانی

تۆ لەو بەری ڕێیە
من لەو بەری ڕییە
پڕ پڕ لە ڕیشت بڕیم
تا دەگاتە سەر ڕێیە[2]}

---

١- کۆڵلارە: کۆلارە، جۆرێك هەڵۆیە

٢- بالۆرەکانی نێو ئەم دوو کەوانەیە: کانی مرادان، کرداری سەلاّح پایانیانی، چاپی یەکەم، بەهاری ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢ی زایینی) ناوەندی بلاّوکردنەوە: ئینتیشاراتی سەلاّحەدینی ئەییوبی

{شوانی مەڕە کلۆڵێ

مەڕی بێنە دۆڵێ

وێت دەدەم مەمکۆڵێ

باللۆر بە هەوهەوان

هێلکەی دە زڕەکەوان

بۆ خۆن چاترین لەوان

لەسەر بەردەبێرێ

دەرپێم کەوتە نێو ئەستێرێ

شوان بێ بۆ بەشەخێرێ

شوانی شەکەمێیە

وەرە سەر ڕێیە

لێم وەرگرە جووتەی (شەکرەبێ)یە[1]

لەسەر دارەبیمە

کۆترێ حەڕەبیمە

پێشت قایل نیمە

---

١- شەکرەبێ: شەکرە بەهێ، بەهێی وەك شەکر شیرین

لەسەر دارێ ئەسحابی
قیڕەی کەڵەبابی
گوشت بە دمی بابی

شوانە مەگرە غەمێ
شلکم زوو دەگەمێ
نەمرم خۆت دەدەمێ

هۆی شوانێ بزنی
سەر گلۆپکێ هەرزنی
خولامێ بسکێ منی

شوانێ مەڕەزاوی
بەفر و بای لێداوی
بەشێ من نەماوی

شوانەی زاوەمایە
بەفر و بای لێدایە
بەشێ من نەمایە

شوانێ شەکەمێیە
وەرە سەر ڕێیە
بگرە (زەردەبێ)یە[1]

دەڕۆم لە پێچ پێچان
مەیتم نێن[2] لە کوێتان[3]
ناکەم ئاغا شێتان

شوانە، مەحەتێنە
مەڕی هەڵمەستێنە
وەرە بمگەوزێنە

جووتێری گاسوورە
خەتان ماوێ دوورە
دمت بەو کونە سوورە

---

١- زەردەبێ: زەردە بەهێ.

٢- مەیتم نێن: مەیتم بنێن

٣- کوێت: جۆرە ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبییە

جووتێری گاڕەشی
خەتان دوور دەبەشی
دمت بە کونەڕەشی

جووتێری گاڕەشە
خەتان دامەبەشە
دمت بەو کونەڕەشە

دەڕۆم و دەناڵم
کۆتری پێ بەخاڵم
لە دوای تۆ حەوداڵم[1]

دەڕۆم و دەگریمە
کۆتری پێ بە سپیمە
لە دوای تۆ شەقیمە

دەڕۆم بەرەو کوێستان
مەمکم قیت ڕاوەستان    بۆ گولەی بوون بە بێستان

---

١- حەبداڵ: عەبداڵ، عەوداڵ، ئەوداڵ، لە بنەڕەتدا لە (عەبدڵڵا)وە هاتووە. لێرەدا کینایەیە بە وێڵبوون بە دوای کەسێك یان شتێکدا.

دەڕۆم بەرەو کێوە
مەمکم سوورەسێوە
بۆ گولەی بە دارێوە

بەللۆرەی نازانی
ئەسترۆی[1] دە بەرانی
بە قوزی دایە شوانی

لە سەران بۆسیر دێ
دەنگی پیاوی پیر دێ
جوانێ خۆم وەبیر دێ

هۆی شوانۆکە شوانۆکە
چۆغەڵەت بۆرۆکە
گووخۆری و دەنگێ مەکە

شوانی لەبەر مەڕی
کەوتووی لە لاپەڕی
وەك سەم پێ دەوەڕی[1]

---

١- ئەسترۆ: سرۆ، قۆچ، شاخ

باللۆرەی نازانم
خوشکێ حەوت برالانم
دمت بە نێو ڕانم

باللۆر بە شەماڵی
بە ڕوحی شێخ کەماڵی
خودا نەیدا بچمە باڵی

باللۆرێ بە لێوان
شەققەی توولەمێوان
ماچ خۆشن لە کێوان
قوزمت بە دم و لێوان

باللۆرێ فێرەکی
خۆشە خەوێ کەپەنکی
خزمی خۆم چاترە لە خەڵکی

---

١- وەك سەم پێ دەوەڕێ: وەك سەگ پێم دەوەڕیت

**لەسەر تالانتۆزی**
**وەختی خێڵبزۆزی**[1]
**لە خۆم دڵهاڵۆزی**

**پاڵەی لە مەزرایە**
**مەدروو بە گەرمایە**
**بۆ خۆم دێمە لایە**

**دەڕۆم لە خیزماڵی**[2]
**لفکەم حەرزی دەماڵی**
**ناکەم کوڕی خاڵی**

**شوانە مەخۆ غەمێ**
**شلکم زوو دەگەمێ**
**نەمرم خۆت دەدەمێ**

---

١- وەختی خێڵ بزۆزی: وەختی خێڵ دەبزوێت، وەختی خێڵ لە هەوارێکەوە بۆ هەوارێکی دیکە دەجوولێت.

٢- خیزماڵ: شوێنێك كە خیزەڵێن بێت، شوێنی خیزاوی

هۆ کوڕۆکە کوڕۆکە
سەر میتکەم زەنگڵۆکە
بیگرە دە دمتی ڕۆکە

لەسەر شاخەپانی
میتکەم قۆچەقانی
بە دمی کاکەشوانی

شوانەی مەڕەزاوی
دانووم بۆ لێناوی
میتکەم بۆ تێناوی

لەسەر دارئەسحابی
قیڕەی کەڵەبابی
نەتگێم ئاقڵ نابی

هۆی هەتیوەی گولەکە
چۆغەکەت ڕەشبەڵەکە
میتکەم بخۆ و دەنگێ مەکە

کوڕی لەوێ بەرێ
ڕندێن کلکی کەرێ
برام لە کونێت بەرێ

دەتبەمە شاخی تەرەغەی
بۆت ڕادەخەم شاقەلی چۆغەی
هەر من دەتگێم تۆ بڵێ ئۆخەی

بریا کۆنە کەوا بام
دەبەر لینگانیدا بام
بە گانانی دڕابام!

من لەو بەری نیری
تۆ لەو بەری نیری
نەمگای لەسەر پەنیری؟

ئەتۆ لەو بەری کەڵەکێ
ئەمن لەو بەری کەڵەکێ
نەمگای لەسەر پشتی مانگا بەڵەکێ؟

لەسەر کونەکایە
کیرم ئەژدیهایە
بە قوزی خۆی و دایە

باللۆرەی دەبێژم
ڕەشی گوندرێژم
پانۆکەت بە درێژم

باللۆرێ نازانم
ڕەشی گونپانم
پانکەڵەی بە گونانم

هۆی خاڵی لەو بەری
پشتێن شاڵ کودەری
بۆت بووم شێت و حەشەری
هیچکەس نیە لێم بەری!

تۆ لەو بەری شاخەڕەشێ
من لەو بەری شاخەڕەشێ

ئەسپاب[1] شاخی کەڵەبەشێ[2]
لە پێشەوەی دەم، پشتی دەقەڵەشێ

دەچمە سەر شاخەڕەشی
میتکەم کۆڵەکەی ترشی
بە دمی حەلێ ڕەشی[3]

دەچمە سەر لا نواڵی
میتکەم دمی قڕژاڵی
بە دمی حەلی گرژاڵی

کوڕەکەی لەو بەرێ
دێخوون کەژووی کەرێ
کاکم لە کونێت بەرێ

من لەو بەری لینجی
تۆ لەو بەری لینجی

---

١- ئەسپاب: ئاماژەیە بە زەکەری پیاو
٢- کەڵەبەش: گاجووتی قەشان، کەڵ یان گایەك کە نێوچەوانی ڕەش و سپی بێت.
٣- حەلــێ ڕەش: عەلیە ڕەش

بۆ دێ[1] کاکم نەیگای
لەسەر بابۆڵی[2] برینجی

دەچمە سەر شاخەڕەشی
میتکەم سەلکەتەشی
بە دمی حەلێ ڕەشی

تۆ لەو بەری کەڵەکێ
من لەو بەری کەڵەکێ
بۆ دێ کاکم نەیگای
لەسەر مانگابەڵەکێ

باللۆرێ نازانم
کۆخێ نێو ڕەزانم
سەر بەسەر بە کوڕانم
یەك و دوو بە کچانم

---

١- دێ: ئەدی
٢- بابۆڵ: برنجی درونەکراو کە لەسەر جێخون کۆمەڵ دەکرێت بۆ گێرەکردن.

**باللۆرەی قەشانی**

**لەسەر بەردەپانی**

**کەزیەم قۆچەقانی**

**بە قوزی دایە شوانی**

**باللۆرێ باللۆرێ**

**سواری ماینەبۆرێ**

**دەشتەوە[1] گەرۆرێ[2]**

**بۆ لای عیسا کۆرێ**

**کیرم دەسکی پاچی**

**تەڕی نەکەم ناچی**

**قوزم کارگی لە لێڕی**

**بە دمی حەلێ تێڕی[3]**

---

١- دەشتەوە: دەچتەوە، دەچێتەوە، دەڕواتەوە

٢- گەرۆرێ: گوندێکە لە کوردستانی خۆرهەڵات، سەر بە مەهابادە

٣- حەلێ تێڕ: حەلیە تێڕ، عەلیە تێڕ

قوزم کارگی لە لانواڵی
بە دمی حەمە چەکاڵی

جووتێری لە شێوێ
قوزت دەبەمە سەر لێوێ

باللۆر دە شاخاندا
مردم دە ئاخاندا

جووتێرەی لە جووتی
گووی سەت بە دم و لووتی

حیزەی لەبەر یاڵی
نەمگای بە منداڵی؟

باللۆرەی نازانم
قوزت بە کیر و گونانم

**باللۆرەی بای دێنێ**

**کاکم ژنێ دێنێ[١]}**

**{کچ: هۆ لاوی دۆڵێ ڕووتە[٢] وەوۆ وەوەووۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ**

**کڵاوی سەرت ماهووتە وەوۆ وەوەووۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ**

**پێت ناڵێم چەغە توتە[٣] وەوۆ وەوەووۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ**

**کوڕ: بێرییە شینکی[٤] و گەڵاڵیان[٥] بانەمەڕ لە لاوێنی[٦]**

**وەوۆ وەوەووۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ**

**خۆ من دەنگم نەکردووە قونێم بۆ لای گونان دێنی**

**وەوۆ وەوەووۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ**

---

١- تا ئێرە و باللۆرەکانی نێوان ئەم دوو کەوانەیە: ئەدەبیاتی زارەکی موکریان- بەشی ژنان، گرد و کۆیی سەلاح پایانیانی، چاپی یەکەم ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤ی زایینی)

٢- دۆڵێ ڕووتە: دۆڵەڕووت، چەند گوند و شوێنێك لە گوندی وەرتێی سەر قەزای سۆران، گەڵاڵەی شینکایەتیی سەر بە قەزای چوارتا، دۆڵێك لە نزیك و لە باکووری خۆرهەڵاتی سلیمانی بەو ناوەوە هەن.

٣- توتە: کورتکراوەی تووتکە سەگ

٤- شینکی: شینکایەتی، سنورێکە سەر بە قەزای چوارتایە.

٥- گەڵاڵیان: گەڵاڵە، دوو گوندن، یەکیان سەر بە قەزای چوارتایە و ئەوی دیکەیان سەر بە قەزای چۆمانە.

٦- لاوێن: شوێنێکە

کچ: هێ کوڕۆکە کوڕۆکە     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
بە ڕانکو چۆغەی بۆرەکە     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
نامەرد، گوخۆر دەستەوەکە[1]     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ

کوڕ: حیزی لەوی بەری     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
دێخون کەژووی کەری     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
وەختە ئەوەی لە خۆ بەری     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ

کچ: هۆ شوانە شوانی بزنێ     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
سەر گلۆپکی هەرزنێ     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
بە خولامی بسکی من     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ

کوڕ: حیزی قانی قان     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
بە شەو دەدەی گانی     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ
بە ڕۆژ لێ نابانی[2]     وەوۆ وەوەوۆ ڕێ وەوۆ وەوەوۆ[3]}

---

١- دەستەوەکە: دەست وەکە، دەست بکەوە، دەستکردنەوە
٢- لــێ نابانی: وەسەر خۆی ناهێنی.
٣- بالۆرەکانی نێو ئەم دوو کەوانەیە لە کتێبی (ژیانی بناری قەندیلی جاران، عەلی خدر عەلی، چاپی یەکەم ٢٠١١، چاپخانە؟) وەرگیراوە.

{کچ: بالۆرێ دەرێمە
سێوێ سەر لکێمە
جامیلکێ خەنێمە
لەسەری بووکێمە

بالۆرێ نازانم
خۆخێ ناو ڕەزانم
سێوێ سەر لکانم
خوشکێ حەفت برایانم
هێشتا سەر گرانم

کچ: هۆ شوانە شوانە
لەوێ، بگرە ژانە
هەر سێ مانگی جستانە

هێ شوانە، شوانی پەزی
ئاورەکم لۆ هەرکە بە کفر و گەزی[1]
ئەمن و تۆ تێکەرکەین سمێر و کەزی

---

١- گەز: ڕووەکێکی شێوە دەوەنییە، لە دم چۆم و ئاوان دەڕوێت، لق و پۆپەکەی شێوە سنەوبەرییە.

کچ: پیاوە پیاوە
پیسکەی سەر و چاوە
گووی خوارد ئاوڕی داوە

پیاوە سواری کەرێ
جۆڕکی[1] گووی لە بەرێ
بخۆ، چاوت دەرێ

کچ: کوڕۆکە کوڕۆکە
شەروار شین پەڕۆکە
داکیان گای ئەوڕۆکە

کوڕ: دەبێژم دەبێژم
ڕەشەی کیر درێژم
پانۆکەت بە درێژم

---

١- جۆڕك: توورەکە

کچ: کوڕانی کوڕانی
به چۆغەی و ڕانی[1]
داکیان گای له خانی[2]

کوڕ: بالۆرێ بالۆرێ بالۆرێ
بالۆری له گرەشینی
پەپوویەك دەخینی[3]
یاری ماینی بەزینی[4]

کچ: لەسەر بەردەسپیمە
ترێی تایەفیمە
خوشکێ تفەنگچیمە

لەسەر بەردەڕەشی کەزیان لۆ خۆ بەخشی
ناکەم پەستەکڕەشی

---

١- ڕان: ڕانك
٢- خانی: خانوو
٣- دەخینی: دەخوێنی، دەخوێنێت، چریکە و جریووە و دەنگ و ئاوازی باڵندان
٤- یارێ ماینی بە زینی: لە پەندی "کۆنەدۆست ماینێ بەزینە"وە هاتووە، واتا وەك چۆن ماین یان ئەسپی زینکراو هەمیشە ئامادەیە بۆ سواربوون، یار یان کۆنەدۆستیتش، ئەگەر هی خۆشت نەمابێت، ئاوا وەك ئەو ماینەیە...

بالۆرێ دەزانم
خۆخێ ناو ڕەزانم
خوشکێ حەفت برایانم

بالۆرێ دەبێژم
لە دو[1] بلووربێژم[2]
کیژێ گەردەن درێژم

بەللۆرێ، جووتیاری لە جۆتی
مشکان گونان لێ کرۆتی
یارێ زگ پێ سۆتی

بەلۆرێ، شوانەی لەو بەری
دێخون پارووی[3] کەری
وەك سەی پێم دەوەڕی[1]}

---

١- لە دو: لە دوا

٢- بلووربێژ: بلوێرژەن، شمشاڵژەن

٣- پاروو: پاڵوو، پارچە قایشێکە، نزیکەی ٥ سم پانە، بە دواوەی کورتانەوە قایم کراوە، هەموو کورتانێك دوو پاڵووی هەیە: ١- سەرپاڵو/ کە دەکەوێتە سەر کلکی وڵاخ. ٢- بنپاڵوو/ کە دەکەوێتە بن کلکی وڵاخ.

# پاشکۆ

١- بالۆرەکانی نێو ئەم دوو کەوانەیە لە کتێبی (دەنگی مێینە، بوار نورەدین، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، چاپخانەی شڤان- سلێمانی) وەرگیراوە.



**سمایل چاوڕەش وەرتی لە کاتی بالۆرەدالێداندا**



**سمایل چاوڕەش وەرتی لە کاتی بالۆرەلێداندا**



**شێخ تەڵعەت ڕۆستی، لە کاتی باسکردن لە بالۆرە**



**شێخ تەڵعەت ڕۆستی، لە کاتی باسکردن لە باڵۆرە**



**م. عەلی سێوەیسی**



مەلا خدر باڵی لە کاتی باڵۆرەلێداندا



**سوڵتان دێهاتی**



ئەحمەد سالّح ڕۆستی، لە کاتی باسکردن لە بالۆرە



ژنێکی موکریانی لە کاتی بالۆرەلێداندا



**ژنێکی کەڵهووڕی لە کاتی خوێندنی بنملی (باڵۆرە)دا**



دوو ژنی کەڵهوورِی لە کاتی خوێندنی بنملی (باڵۆرە)دا